# ناسناو ...

## ناو ..

هونەری پێناسین و نیشانە ، پێودانگەی جیاکردنەوە هەروەها تایبەتمەندیە ، مێژووە بۆ هەموو شتێک ، کۆدی زانیاریە بۆ ناونراوەکە هەرچی یەک بێ . ناو تۆنی موزیکی هەیە بەهەستی بیستن شەپۆلەکانی دەربڕینی دەنگی دەبیسرێ ، بەهەستی بینین لەنوسین وێنەی دەکێشرێ . بۆ مرۆڤ بەرگی ڕۆح و کلیلی دەروازەی دەروونی یە ، ناو وەک ڕۆژ و ساڵی لەدایک بوون ، وەک نەخشی سەر پەنجە ، وەک تیشکی چاو واتە پەخشی ڕوانینەکانی ، وەک خاسیەت بەرگەی مرۆڤە واتە شوناسنامەیەتی سەرڕاش هەڵگری هەموو چاکی و خراپیەکانیەتی . خانەکانی مێشک زانیاریەکان بەناونیشانی وێنەیی یا ناو دادەکەن زۆرجار یادەوەری و وێنەکان بەناو دەدۆزنەوە . هەردەم ناو زیاتر دەژی لەخودی مرۆڤەکە بەتایبەتی گەر دەنگی دابێتەوە و ناسراوبێ بەپێش یا پاشناوێکی ناسناو . دەکرێ بەدەیان وشە لەڕستەی تر ناو شرۆڤە بکرێ ، پێناسی کەس و شوێن یا کات بێ . مێژووەکەی دوورە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم نیگای مرۆڤ و لێکدانەوەی بۆ هەر کاڵایەک لەناسینەوە و جیاکاری لەشتەکانی تر . پێش هاتنە گۆ ناو لەناخی مرۆڤ بەتیلە چاوێکی وێنەیی قەبارەکەی ناسراوە ، مەزەندەکراوە یا دیاری کراوە هەموو شتەکان بەو بینینە دەناسرێنەوە . دوای کرانەوەی زمان و گفتوگۆ لەڕوانینەوە وەرگێڕدراوە بەشەپۆلی دەنگی وشە ئەوجا نوسین ، تا بوون مابێ ناویش هەر دەمێنێ . لەڕووی زمانەوانی بەپێ ی شێوازی زمان و فۆنەتیکەکەی واتە دەربڕینە دەنگیەکەی دەگۆڕێ سیمای نەتەوەیی هەیە وەک کوردی یا عەرەبی ، فارسی ، لاتینی و ئینگلیزی ... تاد. هەر بەگۆڕینی تەنیا پیتێک ناو دەگۆڕێ جیاوازی خۆی دەنوێنێ . ناو بەپێ ی کیشوەر.. ئاسیای ، ئەفریکی ، ئەوروپی یا وڵات .. ناوی ئەڵمانی ، ئێرانی

و یابانی ، چینی  یان شار و گەڕەکیش لەکوردستان جیاوازی هەیە وەک ناوی هەولێری ونس و مەعمود و شاوێس . پشدەری  هەمزە و بایز ، وسو ، ڕەسو .  ڕانیە پیرۆت و حەلی .  کۆیی حەوێز و خدر ، سلێمانی وەک فەرەج و عەتا و جەزا ، لەهەمووی ناخۆشتر ناونانی ئوسامەی ئێستا باوە . ناو جۆرێکە لەچاولێکەری دووبارە بوونەوە بەتایبەتی لەناو خزماندا دوای مردنی کەسی یەکەم زۆر بەسادەیی دەگیرێتەوە واتە منداڵی تازە لەدایکبوو بەناوی مردوو ناو دەنرێتەوە بۆ بەردەوامی مان و یادەوەری یان ناوی ناوداران و سەرکردەکان . زۆرجار ناو لەباوەڕەوە دێ بیردۆزێک داهێنەر و پێکهێنەری جۆری نوسین و شێوازی دەربڕینەکەیە ... ناوی ئاینی لەنوح و موساوە بیگرە شالوم و ئەبرەها عیسا و مەرقۆز تا محەمەد و ئەحمەد و محمود ، ناوی سیاسی وەک.. یەکێتی و دیموکرات ، ناوی نیشتمانی .. شۆڕش و نیشتمان ، کۆمۆنستی .. ئازاد و ڕزگار . ناوی مێ و ناوی نێر هەر لەدەربڕینی ئاوازی وشەکە تۆنی نێری یا مێینەیی پێوە دیارە جاریش هەیە ناوەکان لێک ناکەنەوە واتە موژدە و نەورۆز بۆ کچ و کوڕە یا نەجات یان شەوکەت . لەڕێزمانی کوردیدا ناو بەشی نیهادە و ناسناو پێشناو یا پاشناو بێ دەبێتە ئاوەڵناو .

## ناسناو ..

ئارایشت یا ڕازانەوەی ناوە جارێکی تر دڵنیایی بوون و دووبارەیی ئەوپەڕی گرینگیە ، لەئەنجامی مەزنی و نوشوستی ، بەردەوامی ، جیاکاری هەروەها نەمری ناوی مرۆڤە . مرۆڤ بۆخۆی هەڵی دەبژێرێ یان بەسەری دا دەبڕێ بەپێ ی ڕێکەوت و ویستەکان باش و خراپیان هەیە لەواتاکەی . ناسناوەکان هەمەجۆر و سەرچاوەن وەک ناسناوی زادەیی کە لەکێ بووە بەهەڵگری ناوی باوک و دایک دەناسرێتەوە وەک جوتیار ئازاد یان جوتیاری ئامە ، عەبەی لەعلی . ناسناوی وێژەیی و هونەری لەبەهرەی نوسینەوە نووسەر شاعیر یا داهێنانی فەنتازیایی

هونەرمەندەکانی موزیک ، شانۆ و شێوەکاری لەژمارنایەن.. لێرە تەنیا شەرەف خانی بەتلیسی وەک نمونە وەردەگرین . ناسناوی خانەوادەیی ، بنەماڵە ، تیرە و عەشیرەت.. محەمەد بڵباس ، جاف ، خۆشناو ، بابان یان نیشتەجێ ی شاری.. حاجی قادری کۆیی و دێهاتی.. عەوێنەیی ، ساردکەیی یانیش ناوچەیی مەڵبەندنشینێک.. کوێستانی ، گەرمیانی و قەرەداغی .

## پێشناو و پاشناو ..

مرۆڤ بەردەوام ناو دەداتە شتەکان بۆ ناسینەوە هەروەها جێنەزرگەکردنی لەیادەوەری گوتراو یا نوسراوی دا . ناو و پاشناو ( ناسناوە ) لەزمانە ڕۆژهەڵاتیەکان ناوی کەس پێش ناسناوەکە دێ وەک فائق بێکەس ، ناو و پێشناو لەکەڵچەری وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ناو وەک لەقەب لەپێش ناوی کەسەکە بەکاردەهێنن ئەدۆلف هیتلەر . ناسناوی زانستی هەردەم پێشناون وەک مامۆستا ، دکتۆر و پرۆفیسۆر هەروەها ناسناوی دەسەڵاتی پلەوپایەی ڕێزداری وەک خاوەن شکۆ ، پایەدار ، ڕێزدار یانیش میر و پاشا و سوڵتان ، سەرۆک و کێخوا لەگەڵ ناسناوە سەربازی و پلەکانی بەڵام پاشگری ئاغا و بەگ لەدوای ناوەکە دەبنە پاشناو . ناسناوی پیشەیی بەزۆری پاشناون دەکرێ بڵێین هەر پیشەیەک لەژێر چەتری ناوێکدا کۆدەکرێتەوە پێناسە دەکرێ وەک عەزیزی چایچی ، کورتاندروو ، پینەدۆز . ناو لەکۆمەڵی ئادەمیزاد لەسەرەتاکانی دروست بوونی بەتایبەتی سەردەمی کۆمەڵی دایکایەتی مرۆڤ بەناوی دایکەوە ناو دەنرا و بانگ دەکرا تا ئێستاش لەکۆمەڵی کوردەواریدا باوی هەیە بەتایبەت کە منداڵ بەر لەدایک بوونی باوکی مردبێ یا بەبێ باوکی گەورەبووبێ دایک جێگای باوکی دەگرێتەوە بەناوی دایکە بانگ دەکرێ لێرەش سەروەری دایک دەردەکەوێ .

## ناسناو لەکوردەواری ..

کورد حەزی لەناوی کورت و موزیکی یە بۆیە ئەگەر ناوی عەرەبی بەهۆی ئاینەوە بەسەری سەپابێ وشەکاری کردووە ، دایتاشیوە محەمەد بوو بە حەمە یا حەمەدۆک قادر بوو بە قالە عادل بوو بەعەول بەگچکە کردنەوە جا لەخۆشەویستی بێ یا ڕق وەک ناسناو دەیکوردێنێ . ناوی خۆش و ناخۆش ، ڕتم و ئاوازەکەی لەپێکهاتەی ژمارەی پیت و تۆنی دەنگسازی دەربڕینەکەی بەدی دەکرێ . لەم سەردەمە ناوە کوردیەکان تایبەتمەندیەکی هەیە لەوشەی کوردی پەتی و واتادار ، کەم پیت و ئاسانگۆ ، نوێ و کەم بەکارهاتوو دێنە بەرگوێ . شێوەی نوسینی ناوەکان فرەن ناوی تابوتی وەک.. سرود ، چنور ... ناوی گران کە لەدوو وشە لێکدراون وەک.. یەزدان شیر ، گوڵەندام ، ناوی ئاسان وەک.. شنە ، پاڵە ... لەزۆربەی کاتەکان ناسناویشی دەچێتە پاڵ هەرچەندە لەبەڵگە نامەکانی ناسنامە و ڕەگەزنامەش تۆمار نەکرێ ناسناو جوانبەخشی زمانی کوردی یە.

## پیرۆزەیی ناو و ناسناو ..

ناو دەرخەری ئاستی ڕۆشەنبیریە ، ڕادەی پێشکەوتنی شارستانی دەپێوێ بەمیلۆدی و واتاکەی . لەکوردستان بەم دوو دەیە ساڵەی دواییە گەڕانەوە ئینتیما یا لایەنگری خێزان و بنەماڵە ڕەوانتر بڵێین عەشیرەتگەری دەردەخا ، ئەوانە بەناسناوەکانیان هێزی عەشایەری وەک پشتیوان پێ وەردەگرن . ناو پیرۆزی هەیە لەژێر کاریگەری ئاینی دا وەک ناوەکانی ئەحمەد و محەمەد بەسەر نەتەوە موسڵمانەکانەوە . یا هورمز و یاقوبی کریستەکان ، شەمعونی جولەکەکان . ناوی واتادار و بێ واتا زۆر جار ناوەکان مێژوویان زۆر کۆنە یا بەزمانێکی کۆن دانراون ، دەربڕاون ، دابڕاون لەزمان و لێکدانەوە نوێکان واتایان نەماوە تەنیا بەشێوە و قەبارەکەی دەناسرێنەوە وەک هەڕەم . ناوی خەیاڵی و

فەنتازی کە شێوە و قەبارەیان نی یە بەرهەستەکانی مرۆڤ ناکەون لەبینین و بۆن و تام یا گوێ یانیش بەرکەوتن  بۆ بەرزڕاگری و پیرۆزی وەک ناوی فریشتەکان لەئاینەکاندا وەک ئەهریمەن و ئارۆمازدا یان شەیتان و ڕەحمان . ناو خاسیەت و سیمای نەتەوەیی دەگەیەنێ جیاوازی نەتەوەکان بەناوەوە دەست پێدەکا کە خۆیانی پێدەناسێنن و گرینگی تایبەتمەندی دەگەیەنێ . هەتا هۆز و تیرەکان خۆیانی پێ لێک جیا دەکەنەوە . ناسناوی ئاینی ئیسلامی ، کریست ، جولەکە ... لە ڕێزبەندی ئەرکەکانیان دەبنە پێشناو وەک شێخ  و حاجی ،  مەلا و سۆفی هەر دەم پێش ناوی کەسەکە دەکەون وەک.. شێخ محەمەد ، سۆفی عەبدولاّ یان قەشە پەترۆس یانیش حاخام عەزرا .

## ناوی خۆش و ناخۆش...

فەرهەنگ و کلتور ڕادەی پێشکەوتن و ئازادیان کاردانەوەی زۆری لەسەر ناوەکان هەیە بۆ نمونە: عەرەبەکان لەنیمچە دورگەی خۆیان لەبەر گەرما و ژێر هەتاوی بیابان بەسەختی دەژیان منداڵیان بۆ نەدەژیا لەتاوان باوەڕیان وابوو گەر ناوی خراپی لێ بنێن لەمردن دەپارێزرێ بۆیە ناوی منداڵەکانیان دەنا زبالە واتە خاشاک یا ناوی بەد و خراپی وەک بەرغوث ( ئەسپێ ) ، کولێبی ( تولە سەگ ) . ناوی خۆش پایەپێدانی بەناسناو وەک سیفەت پێدان شەهید ئازاد ، ڕێزگرتن وەک بابە دایە ، دادە و خوشکەزا و کاکە و برازا .. خان و خاتوون ، لەخزمایەتی پشتێ مامە و مامۆژن .. ئامۆزا یان خزمایەتی بەرێ خاڵە و خاڵۆژن ..  خاڵۆزا ، پلە یا پورێ و پورزا هەموو ئەو وشانەی ڕێزگرتن دەکەونە پێش ناوەکە . جاریش هەیە ناسناو ناوتۆرەی خراپ بۆ ناو دروست دەکا تایبەت لەگوند و شارەکانی ناسیاری تێیدا بەهێزە ناوبانگی خراپ دەداتەوە .  هەندێ جار دایک و داپیرە ناو ناوتۆرە

لەمندالْ و نەوەکانی دەنیٚ دەنگ دەداتەوە لەناوی شەڕانی یا ناوی خێرخوازی .

## گرینگی ناسناو ...

لەدرەوازەی جوانکاری ، ناسیاری ، شکۆداری دەدا لەڕووی یاسایی بوونی شت دەسەلمێنیٚ و ئەکتی بۆ دروست دەکا بەو ناوە پێناسەی یاسایی و مەرج و مافەکانی دەکەوێتە سەر . لەڕووی ئابوری ناو وەک مارکە و مۆر گرینگی خۆی هەیە ، مافی بەکارهێنانی پارێزراوە لەڕووی دادوەری و یاساوە . لەڕووی ڕاگەیاندن و بانگەشە ( ڕیکلام ) بەنەخشاندنی لەخۆشنووسی ، ڕەنگ پێدان ، سێبەری پیتەکان ڕازانەوەیەکی ترە بۆ ڕاگەیاندن و دەبێتە کالآیەکی ژیاندار و خۆفرۆش . ناو لەبازاڕدا نرخی خۆی هەیە هەروەها کڕین و فرۆشتنی لەسەرە ناسناوی کابرای فارس پەرەڤیش دوای تەقەلایەکی زۆر کڕدرا و زەنگینە کڕیارەکە پارەی زۆری دا تا ناوەکە تاقانە بۆخۆی قۆرغ بکا نازانریٚ هۆیەکەی تەنیا ئارەزوومەندی بوو یا سیاسەت و ئابوری و کۆمەلآیەتی ! کڕین یا خواستنەوەی لەقەبی دکتۆر دەشیٚ و یاسای خۆی هەیە هەموو کەسیٚ دەتوانیٚ بیکڕیٚ لەدەروازەی خانوو یا سندوقی پۆستەکەی بدا ئەگەر دکتۆریش نەبیٚ تەنیا شتێکی ڕەمزی یە نەک مافێکی پیشەوەری زانستی .

## یاسای ناو ..

بەپیٚ ی هەلٚکەوتەی جوگرافی و شێوازی سیستەمی بەڕێوەبردنی باری کەسێتی ولآتان یاسا و ڕێساکانیان جیاوازیان هەیە هەر کۆمەلٚە ولآتیک پێڕەوی شێوازێک دەکەن . لەسیستەمی عێراقی عەرەبی ناوی زنجیرەیی سیانی ئازاد محەمەد عەلی یان ناوی چوارین ئازاد محەمەد عەلی عوسمان پەیڕەو دەکریٚ و لەقەب واتە ناسناو لادراوە بەفەرمانێکی

سەدامیانە کەچی تەنیا سەدام حوسێن ناوی دووانەیی هەبوو وەک تایبەتمەندی دیکتاتۆریانە هەرچەندە تێبینی دەکرێ لەتورکیا و ئێرانیش هەر سیستەمی ناو پاشناو ( ناسناو ) بەکاردێ . ئێستا لەکوردستان بەهۆی ئازادی و دەرهاویشتەی دۆخی کۆمەڵایەتی عەشایەری و سیاسی ناوی دووانەیی زۆرن واتە ناو و ناسناو بەڵام لەجێبەجێکردن و ڕووەیاساییەکەی کاری پێ ناکرێ ڕێگە- ڕەواپێدراو نی یە هەرچەندە خواستی لەسەرە چارەیەکی یاسایی بۆبکرێ . لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکان کۆکردنەوەی خانەوادە لەژێر چەتری یەک پێشناو وەک ناسناو بەکاردێ واتە گەر ناسناوەکە شتاین بێ ئەوا باوک و دایک و منداڵەکان هەمان ناسناویان دەبێ لەگەڵ ناوی خۆیان تەنانەت لەکاتی ژنخوازی مارەییدا زۆرینەی جار ژنەکە ناسناوی پیاوەکە هەڵدەگرێ . ناو لەکاتی بوونی مرۆڤ دا بەسەری دەسەپێندرێ بەخواستی دایک و باوک یا خانەوادەیە بەڵام دەکرێ دوای گەورەبوون بگۆڕدرێ هەرچەندە ناوی یەکەم و سەرەتا هەرگیز لەبیر ناچێتەوە لانی کەم شوێنەواری دەروونی جێدەهێڵێ تەنانەت دوای گۆڕینیش مرۆڤەکە وەک کاردانەوەی یەکسەرە لەکاتی بانگ کردنی بەناوە کۆنەکە ئاوڕ یا وەڵام دەداتەوە .

## ناسناوی دەگمەن ..

ناوی گەورە و بەناوبانگ لەگەڵ ناسناوی جیهانی ئەوانەی لەسەرەوەی بیرمەندی و هۆشەوە داهێنانیان کردووە وەک نیوتن ، ئەدیسۆن یان لەهەموو کات و شوێنێک دەناسرێنەوە . شاعیرە داهێنەرەکانی کوردیش وەک نالی ، وەفایی ، مەحوی ....تاد بەتاکە ناسناوێک بێ ناوی خۆیان وەک ئەستێرە هەردەم دەدرەوشێنەوە . ناو لەگەڵ تەکنەلۆجیا پێش دەکەوێ چەندان کەرەستەی نوێ ناو وەردەگرێ لەئامێرەکان بەهێما تۆماردەکرێ وەک وەرگێڕانی بۆ زمانی زانستی .

پاشگۆی ئەم درێژدادڕیە کە زیاتری لەسەر نەڕۆین وێڕای سەرنج و ڕەخنەکان تکایە ناوت چی یە ؟ یا وەک ناسناو چیت پێ دەڵێن ؟ ناسناوەکەت هەڵبژاردەیە یا زۆرەملێ یە ؟ حەزدەکەی چۆن بانگ بکرێ ی ؟ پرسیارێ لەخۆت بکە : لەڕووی دەروونی ئێستا چەندە لەناو یا ناسناوەکەت ڕازی ؟


دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com